الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

# نامەیەکی کراوە بۆ بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نیچیرڤان بارزانی )

## پاش سلاو رێز ...

من بەنوینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری  پەنابەرانی عیراقی ئەم نامەیە بۆ بەریزتان دەنووسم ودەمەوێت لەبارەی کیشەو گرفتی پەنابەران لەگەڵتان بدوێم و ئەو خواستانەی کە ئەوان لەکۆبوونەوە و خوپیشاندانەکانیاندا بەرزیان کردۆتەوە بەئێوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانی رابەگەینم.  ئومیدەوارم بەچاویکی مەسئولانەوە لەناوەرۆکی ئەم نامەیە بروانن و کاری بۆبکەن. بەلام سەرەتا ریگام بدەن با لەخودی کیشەیەکەوە دەست پێبکەم.

پەنابەرانی کورد ئەمرۆ ترس  لە گرتن و گەرانەوەی بەزۆر بۆ کوردستان دڵەراوکی یەکی گەورەی بۆ دروست کردون و بۆتە تارمایەکی کوشندە بەسەر سەری هەموو ئەو  پەنابەرە کوردانەی کە تائیستا داوای پەنابەریان رەفزکراوە یان مانەوەی کاتی یان پێدراوە، لەکاتیکدا ئەم هەزار لاو گەنجە سالأنێکە ژیانی خۆیان و ئازیزانیان جێهیشتوە وبەدەیان ریگای پر سەخت و مەترسی و سنوری ئەم یان ئەو دەولەتیان تیپەرکردووە تا گەیشتونەتە یەکیك لەولاتانی ئەوروپایی. ئەگەر ژیانی ئەم پەنابەرە کوردانە بکریتە کتیب و فلیم دلنایم چەندین داستانی تراژیدی لەخۆدەگرن وکەس نییە لەپشت خواست و داواکاریەکانیان رانەوەستێت..

بەم حالەوە چەند رۆژیك دەبێت بۆجاریکیتر وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا حملەی گرتنی پەنابەرانی کوردی عیراقی دەستپێکردوە لەکاتی چوون بۆ ئیمزاکردنی پۆلیس وەیان لەهێرشی شەوانەدا دەستگیری کردون و راپێچی گرتووخانەی دەس بەسەری کردون. ئەمەلەکاتیکدایە کەلەماوەی یەك سالّی رابردوودا چەند جار پەلاماری هاوشیوەی بەری خستووە و تائیستاش توانیویەتی دوو وەجبە لەپەنابەرانی کوردستان بەزۆر و بەکەلەپچەو جلوبەرگ و فرۆکەی سەربازییەوە و دوای ئیهانەو سوکایەتی پێکردنیان لەریگای فرۆکەخانەی هەولێروە دیپۆرتی کوردستان بکاتەوە.  وە لەحالی ئێستاش دا ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەران دەستگیر کراون و بریارە 27-1-2007 ولەریگای فرۆکەخانەی هەولێر وەجبەیەکیتر دیپۆرت بکاتەوە.

،بەلأم لایەنیکی ئەم سیاسەت و هەڵسوکەوتەی دەولەتی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرانی کوردستاندا پشتی بەستووە بە ریکەوتنێك کەلەنیوان ئیوە و دەولەتی بەریتانیادا لەئارادایە. بەتایبەتیش کە لەکۆبوونەوەی ئەم دوواییانەی نۆینەری وەزارەتی ناوخۆی پەریتانیا، کەلەبەرواری 27-11-2006 وبەئامادەبوونی نۆینەرانی چەندین رێکخراو و مەڵبەندی کوردی و عیراقی کەلەسەر مەسەلەی دیپۆرتی پەنابەرانی کورد وعیراقی سازدرابوو، راشکاوانە ئەم ریکەوتنە دووقولیە ئاشکرا کراو تەنانەت بەحزوری نوینەری یەکیتی نیشتمانی بەریز(شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) لەکۆبوونەوەکەدا، نوینەری وەزارەتی ناوخوی بەریتانیا  بەئێمەی راگەیاند کەناردنەوەی پەنابەران بۆکوردستان لەئاکامی ریکەوتنیکدایە کەلەنیوان حکومەتی بەریتانیاو بەهاوکاری ورازی بوونی  حکومەتی هەریمی کوردستان  و حکومەتی عیراقی چۆتەپیشەوە و ئەم ریکەوتنەش لەساڵی 2005 ئیمزاکراوە.  وەك ئاشکراشە راستی ناوەرۆکی ئەم ریکەوتنە دوقولیەش ئەوەیە کە ئیوە بەرلەچەند مانگ نەك هەر ئامادەبوون بەپیشوازی لیکردن  وەرگرتنەوەی وەجبەی یەکەمی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بۆشاری هەولێر بەلکو فرۆکەخانە و خزمەتگوزاری تەواوتان بۆ جیبەجی بوونی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران خستۆتە ئیختیار دەولەتی بەریتانیاوە.  بیگومان سیاسەت و ریکەوتن نامەیەکی ئاواش بەتەواوی پیچەوانەیە لەگەل خواست وبەرژەوەندی پەنابەرانی کوردستان و بەزیان وزەرەری ئەوان وکەسوکاریان لەناوخۆی کوردستان تەواودەبێت.  بەتایبەتی کەهەرچۆنیك بووە دەولەتی بەریتانیا پەیوەندیکی ئاوای کردۆتە بەهانەیەك بۆ هێرش بردنەسەرپەنابەرانی کوردستان. لەم بارەوە ولە پیناو بەرگرتن بەم سیاسەتە دژی ئینسانییە داوادەکەین کە:

1. ئەو پەنابەرە کوردانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە قبول نەکەن.
2. هەموو ئەو اتفاقیانە هەڵوشینەوە کە لەسەر ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراوە رەسمەن رای بگەیەنن.
3. فرۆکەخانەی هەولێر مەخەنە خزمەتی ئەو وولأتانە کە بەنیازن پەنابەرانی کورد بەزۆر بنێرنەوە.

ئەمانە خواستی پەنابەرانە و رای زۆربەی ئەوانی لە کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانی خۆیاندا لەسەر وەرگیراوە. تەنانەت ئەمانە خواستێکی تەواوی ئەو پەنابەرە کوردانەیە کە ماوەیەکی زۆرە کەیسی یان لەم وولاتە ئەوروپایی یانەدا بەگشتی وەلە بەریتانیا  راگیراوە وەیان داوای پەنابەریان رەفز کراوە و لەکەمپەکان راگیراون  وە هەرەشەی ناردنەوەیان لیّ دەکرێت بۆ کوردستان.

بەدڵنیاییەوە وەڵام دانەوەی ئەم داوایانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستی دەوڵەتانی ئەوروپا و حکومەتی بەریتانیا لەپشتەوە دەبەستی وبەلاو ترسی دیپۆرتکردنەوە لەسەر سەری پەنابەران هەڵدەگری. بۆیە جاریکیتر داواتان لێ دەکەم کە لەمەوقعەیتی بەرپرسیاریتیەوە لەپشتی پەنابەرانەوە راوەستن.

**بەسڵاوی دووبارە**


**دەشتی جەمال**

**بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2007-1-24**

**ژمارەی موبال(07856032991)**

**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK.**

d.jamal@ntlworld.com